



# سامسۆنگ و نوێترین کاتژمێرە سمارتەکەی

هەوڵەکانی سامسۆنگ بۆ رکابەری لە نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی بەردەوامە و لە ریزی یەکەمەکاندا دێتەژمار، لەم دواییەدا هەوڵەکانی بۆ بەرهەمهێنانی کاتژمێری دیجیتالی سمارت و هۆشـــمەند چڕکردۆتەوە، نوێترین کاتژمێریشی بەناوی Gear S خستەڕوو. شاشەی کاتژمێرەکە دوو ئینجە، شێوەی چەماوەی هەیە. Gear S بە سێ جۆر لەگەڵ مۆبایلدا لە پەیوەندی دادەبێت، وای-فای، بلوتوس و G3. بەهۆی کاتژمێرەکە گشـــت پەیوەندییە هاتووەکان وەڵام دەدرێنەوە. هەروەها دەکرێت بەهۆی دەنگەوە فەرمانی پێبکرێت.

کاتژمێرەکە لایەنی چینی وەرزشوانیشـــی لەبیر نەکردووە و زۆر خزمەتگوزاری تایبەت بە وەرزش تێدایە وەك لێدانی دڵ و پێوانی رێگای رۆیشـــتوو و رێژەی سووتانی کالۆری و ..تاد. کاتژمێرەکە میمۆرییەکی 512ی تێدایە، کە دەکرێت داتاکان لەودا خەزن بکرێن.



# چاودێری منداڵەکانتان بە جیبۆ بسپێرن

رۆبۆت لەمێژساڵە وەك ناو لە جیهانی ئەلیکترۆنی نوێدا ناوی هەیە، بەڵام هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی گشتگیر پەرەسەندوو نەبووە، زیاتـــر وەك ئامێرێك لە خزمەتی کۆمپانیا پیشەســـازییەکان و بواری تەندروستی و بازرگانی و شوێنە زانستییەکاندا بووە. رۆبۆت بەشێوەی بەرفـــرە نەهاتۆتە نـــاو بنەماڵەو لە خزمەتی تاکە کەســـدا نەبووە، بەڵام رەنگـــە Jibo کە رۆبۆتێکی نوێیـــە وەك میوانێکی دیجیتالی لەداهاتوودا بێتە ماڵەکانمانەوە. ئەم رۆبۆتە کە شـــێوەی لە پیـــاز دەچێت، چیرۆك بۆ منداڵان دەخوێنێتـــەوە، ئەرك و کاروبارەکانی خاتوونی ماڵەوە ئەنجام دەدات، جیبۆ هەموو ئەندامانی ماڵەوە دەناســـێت و بەناوی خۆیان سڵاویان لێدەکات ولە ســـاڵڕۆژی لەدایکبوونیان پیرۆزبایی دەڵێت. بەرزی رۆبۆتەکە نزیکەی 28 سانتیمە. کێشەکەی 2.72 کیلۆیە. رۆبۆتی ئاماژە پێکراو دەتوانێت ئەرکی دکتۆرێکی دەروونناسیش ئەنجام بدات.




# سۆنی و وەکمەنی دیجیتالی

وەکمەن (watchman) واتە ریکۆردەری کاسێت بەرلـــەوەی کاســـێت ببێتە ئەرشـــیف و بچێتە مێـــژووەوە، رۆڵێکی گرنگـــی دەبینی لەکاری رۆژنامەنووســـیدا ئەرکی کۆمپیوتەر کامێرای دەگێڕا و دەنگی کەســـەکان بەهۆی وەکمەنەوە تۆمـــار دەکران جگەلەوەش باشـــترین ئامێر بوو بـــۆ گوێگرتن لە ئـــاواز و گۆرانـــی چونکە هەڵگرتنیشی زۆر ئاسان بوو.

لـــەم دواییەدا کۆمپانیای ســـۆنی هەوڵیداوە وەکمەنـــی دیجیتالی بەرهـــەم بێنێ و یەکەمین وەکمەنـــی دیجیتالی خۆی بەناوی ZX1 بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت گشـــت فایلێکی دەنگ جا بەهـــەر فۆرماتێك بن بڵاو بکاتەوە. ئەم وەکمەنە شـــوێنی داکردنی داتاکان واتە هاردەکەی 128 گیگابایتـــە کە ئەمەش زۆر گونجاوە و هەروەها سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە.




# داتاشۆیەکی پورتێبڵی وایەرلەیس




داتاشۆ بۆ نیشاندان و روونکردنەوەی مەبەستەکان وەك خولەکانی فێرکاری، کردنەوەی پیشانگا، نیشاندانی فیلم و دۆکیۆمێنت..تاد رۆڵێکی گرنگ دەبینێت. داتاشۆیەکان واتە (پرۆجیکتەرەکانی نیشاندانی داتا) لەم دواییەدا هەم قەوارە و کێشیان بچووك بۆتەوە و هەم کوالیتی نیشاندانیشیان بەهێزتر بووە.

کۆمپانیای LG لەم ماوەیەدا داتاشۆیەکی بچووکی وایەرلەیسی واتە mini beam مۆدێلی pw700 خستە بازاڕەوە. ئەم مۆدێلەی داتاشۆ زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە پۆرتێبڵە و هەڵگرتنی ئاسانە و وێنەکان بە کوالیتی بەرز نیشان دەدات، جگە لەوەش دەتوانێت دەنگ بەشێوەی وایەرلەیس بۆ هەر سیستەمێك بەرێ بکات. کێشەکەی 580 گرامە، کوالیتی نیشاندانی ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت بە ئاسانی دیواری ژوورەکەت بکات بە سینەمایەك.

# مۆبایلەکەی تایبەت بە جێمێز باند

لەمێژ نییە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل هەوڵ دەدەن جگە لە بردنە سەری توانا و کاراییەکانی مۆبایل لە بەرامبەر زیانە لابەلاکانیش وەك بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوەو کەوتنە ناو ئاوەوەش پەرەی پێبدەن و بەهێزی بکەن. یەکێك لەم هاندە مۆبایلانەی کە لەمادەیەکی پتەو پێکهاتووە هاندی جۆری Impact xە. هاندەکە لە ئاست بەرکەوتن و تۆز و خۆڵ و ئاودا زۆر خۆراگرە. هەروەها ئەگەر لەبەرزایش را بکەوێتە خوارەوە تێکناچێت. مادەی پێکهێنەری شاشەکەی (گۆریلا گلاس)ە کە مادەیەکی زۆر پتەوە و بە گەرما وسەرماش تێکناچێت. تایبەتمەندییەکی گرنگی هاندەکە بۆ ئەو شوێنانەیە کە تەقینەوەی تێدا روو دەدات، چونکە بە تەقینەوەش هیچی لێنایەت. لە پشتی مۆبایلەکە دوو کامێرا هەیە، یەکێکیان بۆ وێنە کێشان بە پانی و ئەوی تریان بە درێژاییە واتە پێویست ناکات مۆبایلەکە بسووڕێنی. هەرکام لە کامێراکان هەستەوەری 8 میگاپیکسلیان هەیە.

# گوگڵ و دێڵ رکابەرییان گەرمە



سەردەمی پێشوو کە باس لە گوگڵ دەکرا، یەکسەر بیرمان لەو سایتە خزمەتگوزارییە دەکردەوە کە لە ئینتەرنێتدا گەورەترین سایتی بەدواداگەڕانە! بەڵام ئەمڕۆ کە باس دێتەسەر گوگڵ باسی ئامێرە پێشکەوتووەکانی ئەم کۆمپانیایە دەکرێت، وەك: ئۆتۆمبیلی بێ شۆفێری گوگل، چاویلکەی هۆشمەندی گوگڵ، سیستەمی ویندۆزی گوگڵ و کاتژمێری سمارتی گوگڵ و...تاد. ساڵێك لەمەوبەر گوگڵ ئامێری کرۆم کێستی چێ کرد کە دێنگلێکە هەندێك لە فلاش میمۆری گەورەترەو بەهۆیەوە دەکرێت تەلەڤزیۆنەکەت بکەی بە کۆمپیوتەر!

کۆمپانیای دێڵ لە بەرامبەر ئەوەدا دێنگێلکی ئەندرۆیدی چێکردووە کە بەهۆی پۆرتی HDMIیەوە لاپتۆپ، یان تەبلێتەکەت دەگوازێتەوە بۆ سەر تەلەڤزیۆن. دێنگڵەکە وایەرلەیسە واتە لە رێگەی وای-فای، یان بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێت. بەهۆی ئەوەوە دەکرێت کیبۆرد و ماوسیشی پێوەی پەیوەند بدرێت.



## شانەی قژداهێنانیش بۆتە مۆبایل و کامێرا

ئەم مانشێتەی سەرەوە و وێنەکە لە جیهانی ئەمڕۆدا رەنگە جێگەی تێڕامان نەبن، بەڵام کورد گوتەنی هەر ئەوە مابوو کە شانەی قژ داهێنانیش ببێت بە مۆبایل و کامێرای وێنەگرتن!

مۆبایلە هۆشمەندەکان لە پەرەسەندندان و بەم ئامێرانەش بازاڕیان گەرمتر بووە. ئەوەتا ئەم کەڤەرەی کە دەیبینن و تایبەتە بە مۆبایلە هۆشمەندەکان، جگە لەوەی کە وەك شانەیەکی قژداهێنان سوودی لێوەردەگرێ، لەسەر شانەکە ئاوێنەیەکی بچووکیش دانراوە، شانە تایبەتییەکە تایبەتە بە وێنەگرتن بەهۆی مۆبایلەوە ئەگەر وێنە لەخۆت بگری.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەرێز پرسیار دەکات: ماوەیەکە باتری مۆبایلەکەم زوو شەحنی دادەبەزێت، چۆن وەك سەرەتای لێدێتەوە؟

خوێنەری بەرێز، مۆبایلە هۆشمەندەکان زیاتر لە مۆبایلەکانی دیکە شەحنیان دادەبەزێت، هۆکارەکەشی زۆرە، یەکەم: زۆر سوودیان لێوەردەگیردرێت، دەیان پرۆگرام و یاری و ئەپلکەیشینی تێدا خەزن دەکرێت و کاری ئینتەرنێتی پێدەکرێت. ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ دابەزاندنی شەحنی باتری، بەڵام پێویستە ئەم هەنگاوانە بگریتەبەر بەڵکو باش بێتەوە:

1- تا کاتێك مۆبایلەکە شەحنی بەتەواوی دانەبەزیوە، شەحنی مەکەوە، کاتی شەحنکردنەوەش هەتا تەواو شەحن دەبێتەوە لە کارەبا دەری مەهێنە.

2- بلوتوس و وای-فای ئەگەر کاریان پێناکەی، بیکوژێنەوە.

3- ئینتەرنێت شەحنی باتری زوو دادەبەزێنێ، چونکە دەیان پرۆگرام بە ئاشکرا و نهێنی نیازیان هەیە بێنە ناو مۆبایلەکەت.

4- ئەو شوێنانەی خەت نادەن، واتە تۆڕی مۆبایل لە بەرزی و نزمیدایە مۆبایلەکەت بکوژێنەوە، مۆبایلەکەت لە ڤایرۆس و پرۆگرامی سیخوڕی پاك بکەوە.

# پرۆگرامێکی بە سوود بۆ دروستکردنی کتێبی ئەلکترۆنی بۆ مۆبایل

کتێبـــی ئەلکترۆنـــی واتە ئەو کتێبانەی کە لە ڕێگـــەی کۆمپیوتەر، یان مۆبایل و تەبلێتەو دەخوێندرێنەوە، تا ڕادەیەك شوێنی کتێبی کاغەزی گرتۆتەوە، کتێبی ئەلکترۆنی هەڵگرتنی ئاسانە، تێکناچێت و سەدان توانای دیکە هەیە کە لە کتێبی کاغەزدا نییە، هەرچەندە خوێندنەوە لەسەر کتێبی کاغەز چێژی خوێندنەوەی زیاترە.

پرۆگرامگەلێك هەن کە تایبەتن بە چێکردنی کتێبی ئەلکترۆنی، یەکێك لەم پرۆگرامە بەســـوودانە پرۆگرامی(android book app maker) ـە. ئەم پرۆگرامە بەئاسانی کتێبی ئەلکترۆنی بۆ سیســـتەمی ئەندرۆید چێدەکات و پشتیوانی لە فۆنت و زمانی کوردیش دەکات. بۆ ســـوودوەرگرتن لەم پرۆگرامە پێویستی بە شارەزایەکی ئەوتۆ نییە و بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکەش ئەمانەن:

- گۆڕینی ئەیکۆنی پرۆگرام، نیشـــاندانی ئەندازەی فۆنت، ڕەنگ، ناوبەری هێڵ، ستایلی فۆنت.



- ناســاندنی زانیــاری کتێبەکــە، وەك نــاوی کتێب، نووســەر، مەبەست، ڕوونکردنەوە و بەرگی کتێب.
- توانای دانانی پاســۆرد لەسەر کتێبەکە.
- توانــای دەســتکاری کردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە.



## سایتێک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە بیرکارییەکان



بیرکاری ئەو وانەیە کە ساڵانە لە هەموو جیهاندا قوتابـــی و خوێندکاران لێی دەکەون یان نمرەی کەم دێنن، لەم ساڵانە کە گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندندا پێکهاتووە و بیرکاری بەرەو سەختی ڕۆیشتووە کە مامۆستاکانیش تا ڕادەیەك تێیدا دەمێننەوە.

ســـایتی matahway.com بەراســـتی لـــە ڕیزی ســـایتە شاکارەکان دێت لە بواری حەلکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارە بیرکارییە دژوارەکان، پرســـیارەکەت لەو بۆکســـەی کە لە سایتەکەدا بنووسە دەستبەجێ وەڵامەکەی وەربگرەوە. لە سەرەوە بابەتەکانی ڕیزبەندی کراون دەتوانی بچیە سەر ئەو ڕیزەی کە مەبەســـتتە، بابەتەکان بریتین لە (جەبر، ئامار، بیرکاری...) ئەم ســـایتە هەتا ئێستاکە زیاتر لە 200 ملیۆن کەس ســـەردانی کردووە. ســـایتی دیکەی هاوشێوەی ئەم سایتە هەن، بەڵام سایتی ناوبراو لەڕیزی یەکەمەکاندا دێت. بەراســـت نە تەنیا خوێندکاران بەڵکو دەبێت مامۆستایانیش سەر لەم سایتە بدەن.